Signature Not Verified
Dengekan
Digitally signed by Dengekan
DN: cn=Dengekan, o=Goran Abdullah, c=US
Date: 2002.12.05 23:52:56 -06'00'

# هاوارنامه

بۆ سەرانی پارتی و یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی

لە جەنگی دووەمی کەنداودا عێراق کۆمەڵێک هاووڵاتی بەریتانیای وەک بارمتە گل دایەوە و مینا قەڵغان سوودی لە جەستەیان بینی. هەنووکە ئەو هاووڵاتییە لاسارانە بە فیتی ڕێکخراوی ئاندایت کە پەرلەمنتاری سەر بە حیزبی کرێکارانی بەریتانیا ئان کلۆید ڕێبەرێتی، لە کن دادئەستێنی* گشتیی بەریتانیا داوایان لەسەر خودی سەرۆکی فەرماندە سەددام حسێن خوا دەست بە باڵییەوە بگرێت، تۆمار کردووە و ئەو تاوانەیان داوەتە پاڵ ئەو پەپوولەیە و خوازیارن وەک تاوانباری جەنگ دادگایی بکرێت.
ئێوە کە وەک شێرەکوڕانی تەنگانە ناسراون و هەر زوو نامەی پشتگیریتان لە قازانجی جەنەڕاڵی ئاشتی و ئەوین نیزار خەزرەجی بۆ وەزارەتی دادی دانمارک هەنارد، چاوەڕەێی ئەوەتان لێ دەکەم دەستبەجێ پشتی سەرۆکیش بگرن و وەزارەتی دادی بەریتانیا لە فایلی پاک و بێگەرد و خاوێنی زێڕە سەددام ئاگادار بکەنەوە.
هەرگیز بڕوا ناکەم ئێوە لێ بگەڕێن، بە ناڕەوا ئەو فریشتەیە بەدناو بکرێت. تکایە چی زووترە بە دەم ئەم هاوارنامەیەوە وەرن و گوێ مەدەنە ڕەخنەی جاشقەڵەمان.

بەندەی موخلیستان

**حەمەسەعید حەسەن**

2002. 12. 04

* مودەعی